# هەریەکێک لە ئێوە پەروەردگاری قسەی لەگەڵدا دەکات (بە ڕاستەوخۆ) وهیچ کەسێک لە نێوان ئەو وپەروەردگاری نابێت

لە عەدی کوڕی حاتەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەریەکێک لە ئێوە پەروەردگاری قسەی لەگەڵدا دەکات (بە ڕاستەوخۆ) وهیچ کەسێک لە نێوان ئەو وپەروەردگاری نابێت، ئەو کەسە سەیری لای ڕاستی دەکات تەنها کردەوەکانی دەبینێت (کە لە دونیادا ئەنجامی داوە)، وسەیری لای چەپی دەکات تەنها کردەوەکانی دەبینێت (کە لە دونیادا ئەنجامی داوە)، سەیری پێشەوەی دەکات دەبینێت دۆزەخ بەرەو ڕوویەتی، بۆیە خۆتان لە دۆزەخ بپارێزن ئەگەر بە هێندەی لەتە خورمایەکیش بێت (خێرکردن بێت بە لەتە خورمایەک)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئیماندار بەتەنها خۆی دەوەستێت لەبەرانبەر الله لە ڕۆژی قیامەتدا، وپەروەردگار -سبحانه وتعالى- قسەی لەگەڵدا دەکات بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك لەنێوەندا بێت، بۆیە لە ترسدا سەیری لای ڕاست وچەپی دەکات؛ بەڵکو ڕێگایەك بدۆزێتەوە پێیدا بڕوات ورزگاری بێت لە دۆزەخ چونکە لە پێشیدایە. کاتێك سەیری لای ڕاستی دەکات ؛ تەنها کردەوە چاکەکانی دەبینێت، وکاتێك سەیری لای چەپی دەکات ؛ تەنها کردەوە خراپەکانی دەبینێت، وکاتێك سەیری پێشەوە دەکات دەبینێت دۆزەخە، وناتوانێت خۆی لێی دەرباز بکات چونکە دەبێت بەسەریدا تێپەڕ ببێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: شتێك بخەنە نێوان خۆتان ودۆزەخ بۆئەوەی پارێزراو بن لێی ئەم شتەیش خێرکردن وکردەوە چاکەکانە؛ ئەگەرچیش شتێکی کەم بێت وەکو بەخشینی نیوە خورمایەك.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6615